# به پۆشاکی نارنجییەوە

حەمەسەعید حەسەن

بیری سەددام و دوو کوڕە ژیکەلانەکەی دەکەم، بیری عەلی کیمیاوی و تەها جەزراوی دەکەم، ئەوەندە تامەزرۆم بۆ دیداریان، مەگەر مەم هێندە شەیدای دیتنی زین بووبێت. ئاواتەخوازم هیچیان بەسەر نەهاتبێت و چی زووترە بە پۆشاکی نارنجییەوە، کە دڵنیام زۆریان لێ دەوەشێتەوە، لە نێو قەفەزی ئاسنیندا، لە دوورگەی گوانتانامۆ(١) بیانبینم.

ئەوە بۆچی بە سەددام حوسێنیان دەگوت: قارەمانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی؟ خۆ ئەو نەک هەر داڕپرتەقاڵێکی (یافا)ی ڕزگار نەکرد، بەڵکوو لە سۆنگەی گەوجایەتییە زۆر و زەبەندەکانییەوە، عێراقیش داگیر کرا. من بە پێچەوانەی ئەوانەوە کە خوازیارن چی زووترە، ئەمریکا عێراق جێ بهێڵێت، هیوادارم پاڵی لێ بداتەوە و (وڵاتەکەمان) بە دەیان بنکەی سەربازی بڕازێنێتەوە. ئێمە چونکە هیچ خێرێکمان لە یەکپارچەیی عێراق نەدی، هیوادارم ئەمریکا وای لەتوپەت بکات، هیچ پارچەیەکی لەو پاقلاوەیەی کوێت لەتێکی خوارد، گەورەتر نەبێت.

ئەوە بۆچی بە سوریا دەڵێن خۆڕاگر؟ خۆ مەگەر خوا خۆی بزانێت لە کەنگێوە تورکیا ئەسکەندەروونەی لێ داگیر کردووە و فزڕە ناکا! خۆ دەیان ساڵە بان گۆلان(٢) لە ژێر چەکمەی ئیسرائیل دایە و مێشێک میوانی نییە! خۆ هەر کە تورکیا خۆی لێ گیف کردەوە، یەکسەر عەبدوڵڵا ئۆجالانی وەدەر نا! خۆ هەر کە کۆڵن پاوڵ یەک دوو هەڕەشەی بۆ نارد، زاواکەی سەددامی دایە دەست ئەمریکا و سنووری بە ڕووی عێراقدا داخست!

ئەوە بۆچی جەلال تاڵەبانی هەر کە هەلێکی بۆ دەڕەخسێت، تێروپڕ سوپاسی سوریای خۆڕاگر دەکات؟ تۆ بڵێی فایلەکەی لەبەر دەستی ڕژێمی شامدا بێت و ترسی ئەوەی هەبێت، ڕۆژێک دەستەکەی بخەنە ڕوو! سەددام تا دەمی لە گۆ کەوت، هەر خاوەنی هەمان گوتار بوو، هەر تێکشکانەکانی خۆی بە سەرکەوتن لە قەڵەم دەدا، هەر هەڕەشەی دەکرد، لە سەروەختی بۆمبە زیرەک و پرۆگرامکراوەکاندا، باسی ئەسپ و شمشێری دەکرد! (مامە)ش وەک ملکەچی یاسای گۆڕان نەبێت، ئێستاش لەو قسە ئێکسپایەربووانە دەکات، کە چارەکە سەدەیەک لەمەو بەر، لە یاسر عەرەفاتەوە فێریان بووە، ئەمریکای دۆستی ئیسرائیل کەرکووکی ئازاد کردووە و ئەو لە (کەرکووک قودسی کوردستانە)ی خۆی ناکەوێت! ئەو خووەش کە هەر کەسێک دەبینێت، ئامبازی دەبێت و تێروپڕ ماچی دەکات، هەر لە بابی عەممارەوە فێری بووە.

مەسعوود بارزانی زوو زوو وەک سەرەکتیرەیەک ڕەوتار دەکات و ئەوەی لە بیر دەچێتەوە کە سەرۆکی یەکێکە لە حیزبە هەرە گەورەکانی کوردستان. لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیدا کە تاوانبارێک هانا بۆ سەرەکتیرەیەک دەبات، کابرای سەرخێڵ داڵدەی دەدات، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکدا کە باس لە مەدەنیبوونی خۆی بکات و یاسا تێیدا سەروەر بێت، کەس مافی ئەوەی نییە داڵدەی تاوانباران بدات و لە ناپاکان و ئەنفالچییان خۆش ببێت. وەک چۆن ئەنفالچییان بەر نەفرەتی مێژوو کەوتوون، مێژوو نەفرەت لەوانەش دەکات کە دەستی کۆمەک بۆ ئەنفالچییان درێژ دەکەن. بەو هیوایەی سەرۆکی پدک لەم ڕاستییە مشتومڕ هەڵنەگرە حاڵی ببێت و داڵدەی گەورەبەعسییان، عەرەب بن یان کورد، نەدات.

2003. 04. 24

(١) ئەو دوورگەیەی ئەمریکا پیاوەکانی ئوسامە بن لادنی لێ زیندانی کردووە.
(٢) بان گۆلان: بەرزاییەکانی گۆلان، لە سەرکێشی بان مەقان کە بەسەر چەمچەماڵدا دەڕوانێت، دامرشتووە.